کۆمەڵە چیرۆک

# جیهانی چیرۆک



اسیا عبدالمجید عبدالکریم

## کۆمەڵە چیرۆک

# جیهانی چیرۆک





# جیهانی چیرۆک

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

## ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: جیهانی چیرۆک
- نووسەر: اسیا عبدالمجید عبدالکریم
- بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
- دیزاینی بەرگ: زەیتون یاسین
- دیزاینی ناوەڕۆک: زەیتون یاسین
- جۆری چاپ: یەکەم 2022

## پێشکەشە ...

*پێشـــکەشـــە بە تەواوی ئەوکەســـانەی هاوکارم بونە وە متمـانەی خۆیـان پێبەخشــــیوم، لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانیان.

* پێشکەشە بە مامۆستای بەڕێزم م.[ بێریڤان خەلیل]

* پێشکەشە بە تەواوی خوێنەرانی ئازیز.

خوێندنەوە خولیایە * نوسین بەهرەیە

دەســـت لەســـەر دڵت دابنێ و چاوەکانت دابخە و بڕیاری خۆت بدە ئارەزووی چیدەکەیت بۆ داهاتوت .؟

کاتێک بڕیارت دا تۆ بۆ داهاتوو ئەجەنگێیت. ئەوکات تۆ کەسێکی زیندوویت. تۆ هەیت لە کۆمەڵگەدا بۆیە مەوەستە و بیر لە ئاستەنگەکان مەکەوە. بەڵکو دەست بکە بەجوڵە و چارەســـەر بدۆزەوە بۆ ئاســـتەنگەکانی ڕێگاکەت. چەند ماندوو بوویت کۆڵ نەدەیت تا ئەگەیتە مەبەســـت . کاتێ گەیشـــتیە کۆتای ڕێگا و ئامانجەکەت پێکا ئەوکات دلخۆشیەکەت ماندووبونت لەبیر ئەباتە .

گەر پێم بلێن دلخۆشی چیە ؟ ئەڵێم دلخۆشکردنی دلێک

**اسیا عبدالمجید عبدالکریم**

# پێشەکی

سووپاس بۆ خودا دوای هەوڵدان و ماندووبون توانیم ئەم کتێبە خنجیلانەیە بنوسـم . (جیهانی چیرۆک) وەک دووەم ئەزموونی ژیانم. دڵخۆشـم دووبارە خزمەتێک بە چین و توێژی ئەم کۆمەڵگـایە بکەم و سـودێـک بە خوێنەران بگەیەنم . ئەم کتێبە خنجیلانەیە بەشـێکی کەمە لە خەم و ئازارەکانی ناو کۆمەڵگە. چەندین نهێنی ئازار بەخش هەن لە دڵەکان ڕەنگە تا ئێستا دەسیان بۆ نەبرابێت و باسیان لێوە نەکرابێـت . (جیهـانی چیرۆک ) . لێرەدا من نـاوی کەسـەکانم بە نهێنی پاراستوە لەسـەر خواستی خۆیان . بەپێویستی ئەزانم سووپاسی هەموویان بکەم کە متمانەی خۆیان پێم بەخشـی .سـووپاس بۆ هەموو ئەوکەسـانەی هاوکارم بون لەنوسـینەوەی چیرۆکەکان سـووپاس بۆ ئەوانەش بەووشـەیەک هاندەرم بوونە. سـووپاس بۆ خێزانەکەم بۆ هـاوسـەرم بەدڵنیـاییەوە متمـانە و خۆشەویستی ئەوان نەبوایە ناگەیشتم بەم ئاستەی ئێستام دووبارە سووپاس بۆ خودا بۆ هەموو شتێک.

# کوڕەکەم من نەمردووم بگەڕێوە لام

تەمەنم (نۆزدە) ساڵبوو خوشکەزای دایکم داوای زەواجی لێکردم .دوای سێ ساڵ بووینە هاوسەری یەکتر لە سەرەتاوە پورم بەم هاوسەرگیریە نارەزابوو . لەدوای ماوەیکی کەم ناخۆشیەکانی ژیانم دەستی پێکرد. بەدەستی ماڵە خەسووم تەواو ماندووبووم هاوسەرم لەسەرەتاوە وای زانی من تاوانبارم . تەنها دووعام دەکرد خودا پاکیم بسەلمێنێت دوای ماوەیک هاوسەرم بۆی دەرکەوت ماڵە دایکی شەڕم پێ ئەفرۆشن .بڕیارماندا ماڵ جیابکەینەوە . لەکۆڵانێ پشت ماڵی خەسووم خانوێکمان بە کرێ گرت .باری دارایمان زۆر خراپ بوو. چەند جار بەشەوان بەبێ نان سەرمان ئەنایەوە سووپاس بۆخودا وردە وردە باری دارایمان باشەبوو تابووینە ساحێب خانو ماڵ و سەیارە و هەمووشت . خودا کوڕێکی جوانی پێدان ئەوەندەی کە ماڵەکەمان ئاوەدان بۆوە دەنگی مناڵەکەم دڵخۆشی و ئارامی من بوو . چاوە ڕەشەکانی هیوای بۆ ژیانم گەڕاندەوە .

کورِم بوه دوو ســـــاڵ خودا کچێکی جوانی پێداین . زۆر دلخۆشـــــبووم بەبونی کچەکەم بەڵام دوای مــاوەیــک دەرکەوت کچەکەم نەخۆشـــــه وه دڵی کونه . پێوویســـــتی بەعەمەلیات هەبوو دکتۆر ووتی: چارەســـــەری لە دەرەوە ئەکرێت و برِی دوو دەفتەری ئەوێت. پارەی وامان نەبوو برِیاردرا پارەمان بۆ کۆمەک بکەن. منیش لە ســـــلێمانی بەدیار کچەبچوکەکەم بووم رِۆژێک خەســـــووم هات بۆ نەخۆشـخانە منی دی واشـپرزە بەدیار منالّەکەم پێی ووتم :وەی بــۆئەکەن خــۆ ئەوە هەر ئەمــرێــت وامەکەن. لەوبارودۆخە ســـەختەم وتەکانی خەســـووم زیاتر تێکی شـکانم . پارە کۆنەکرایەوە شـەوێک کچەکەم لە ناودەسـتم مرد . ئای جەرگ سـووتان گەورە و بچوکی نازانێت زۆر گریام هـاوارم کرد بۆ لەدەســـــت دانی رِۆڵەکەم . لەماڵی باوکم بووم تەعزیەمان بۆدانا .خەســـووم وەک بێگانەیەک هات و رِۆشــت . زیاتر مەیلم نابەکورِەکەمەوە و لە ئامێزم ئەگرت و بۆنم ئەکرد . لەدوای نۆمانگ لە مردنی کچەکەم دووبارە دووگیان بومەوە .

بەڵام هاوســـــەرم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئەگۆڕا لەگەڵم لای گرینگ نەبوو دووگیانم هەمووڕۆژ کشـــە و نا خۆشــیمان زیادی ئەکرد دڵتەنگی و گریانم بوە بەشـــێک لە ژیانم . نامەزانی بۆوا لەپڕ گۆڕا ؟ هۆکارچیە ؟ وەئەکات چەند لێم ئەپرســی وڵامی نادامەوە ئەی ووت : بڕۆوە ماڵی باوکت . هەر ئارامم ئەگرت داوام لەخواکرد باشـــبێ . وای لێهات تەنها بۆ خەوی شـــەوان ئەهاتەوە . شـــەوێک هاتەوە ماڵ وەک شێتی لێهاتبوو ئەی ووت: ئەبێت لەماڵ بچیە دەر من تۆم نـاوێـت خودایەگیـان ژیـانم بۆ لەپڕێکـدا وێران بوو ئەوەنـدە گریـام لێی پـاڕامەوە بۆوائەکـات چیەوێ ؟ چ خەڵەتێکم هەیە ؟گوێی لێنەگرتم بەسکێ چوارمانگەوە فڕێی دامە کۆڵان و تێلی کرد بۆ باوکم تا بمباتەوە . شـــــەوێکی ســـاردی زســـتانبوو دڵی من زۆر لە ســـەرمایی زســـتان ســـاردتربوو . ناچاربووم بڕۆمەوە ماڵ ڕۆشـــتمەوە ماڵی باوکم . منیش بیرم لای ژیانم بوو ئاخۆ بەچ بارێکدا ژیانم ئەڕوات ؟ ســـێ مانگ لەماڵی باوکم مامەوە . باروو دۆخم تەواو تێکچوو نامەزانی شەوە یان ڕۆژە هەموو دەققەیەکم مردن بوو .

چەندجار ئەکرامە ژێر ئۆکسجین تا حاڵم کەمێک باشەبوو بەڵام هیچ شت سوودی نەبوو لەگەڵ هاوسەرم .دواجار بیستم خیانەتی لێکردووم ڕێک مردم نکۆڵیم لێکرد هاوارم ئەکرد. ئەگریام ئەم ووت: شتی وانیە ڕاست نیە خیانەتی نەکردوە . بەڵێ ئەوە ڕاستبوو خیانەتی لێم کردبوو. بەداخەوە ئەو کچەی دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردبوو هاوڕێم بوو . جیرانمان بوو زوو زوو ئەوان ئەهاتن من ئەچوم لەخوشکەکەم زیاترم پێناوت . دواجار دوای سێ مانگ سکم گەورەبوو هاوسەرم هاتەوە بەشوویێنما . زۆر دڵم خۆشبوو هاوسەرم هات بەشوویێنما هەموو ناخۆشیەکانم لەیادکرد خیانەت کردنیم لەبیرکرد . تەنها سەبارەت بە چاوڕەشەکەم کوڕەکەم . گەڕاینەوەماڵەوە بەڵام ماڵەکەم لەجێی خۆی نەمابوو . ماڵەکەمی گواستۆوە تەنیشت ماڵی خەسووم بەڵام هیچم نەوت سەبارەت بەیەک شت دەنگم نەکرد و ووتم: قەینا لەبەر منداڵەکانم هەمووشت قبووڵەکەم .تەنها یەک هەفتە باشبوو لەگەڵم . بەشەو ڕۆژ لەدەرێ بوو ناهاتەوە ماڵ . بشهاتایەتەوە یەک ووشەم ناوت لەترسی ئەوەی نەک بڕوات نەیاتەوە من ئەو ئازارانەم قبووڵکرد .

هەمووجۆرە ســــووکــایەتیەکی پێکردم ئیهــانەیە کردم بەشـــووێن یەک بیانوبوو تامن دەرکا لەماڵ بۆیە بێدەنگیم هەڵبژارد.   ترســـــی لەدەســـــت دانی منداڵەکانم ئەژنۆی شـــکاندبووم بۆیە بێ دەنگ بووم مووبایلی لێســـەندبووم هەڕەشــــەی لێم کردبوو یەک شـــــت بەماڵی باوکم بلێم دەرمەکات . بە مووبایلی خەســـووم تەلەفونمەکرد بۆ ماڵی دایکم هیچ شـتێکم ناوت ئەوەندە  هەواڵیان ئەپرسـیم خۆم چۆنم هاوســــەرم هەر ئەم ووت: باشــــە . لەمانگ خۆم دابووم حـاڵم خراپ بوو .هـاوســــەریشــــم هەرخەریکی مووبایل بوو چاتیەکرد و تێلیە کرد بە ئاشـــکرا . تەواو تەحەموولم نەمـا ووتم :پێم بڵێ چیتە؟ بۆئەکەیـت چ خەڵەتێکم هەیە؟ ووتی: بەڕاستی پێت بلێم ووتم: بەڵێ

ووتی : من ئاشــــقم . ئەرز بۆ شـــــەق نابی منی تێبکەوم دوونیا لەپێش چاوم ڕەشـــبوو . فرمێســـک لەچاوم بەر ئەبۆوە ووتم :  ئێ

ووتی : چومەتە داواشـــی ووتیانە ژنت نەبویە ئەمان داپێی .من ئەو کچەم خۆشـــەوێت .شــوش بکات دەمناڵی هەبێت بێتەوە ماڵی باوکی من ئەیهێنم  لەوە دڵنیابە .من ئەگریام

بۆ مـالّی وێرانم ئەویش گریـا ووتم : بۆگریـت ؟ بۆ ئەو ئەگریت .؟ ووتی : بەڵێ

ووتم : باشــە منت دەرکرد بەو حاڵەمەوە چەنجار چومە لێواری مەرگ لەبەر ئەوە منت دەرکرد ؟ ووتی بەڵێ .ووتم بۆوات لێدەرکردین ؟ ئەو وشــانەی ڕۆژانێک بەمنت ئەوت بەویشـــــت ئەوت ؟ ووتی : بەڵێ .پێم ووت : من لێـت ئەبوورم لەبەر خاتری مناڵەکانم ئیتر فرمێسـکەکانم سـڕی و چوم دەست و دەم وچاوم شۆرت . لەو شـەوە بەدواوە خراپتربوو لەگەڵمـان . مـاڵە بـاوکی ئـاگـاداربون کوریـان خەریک چیە .شــەو ڕۆژ لەپێش چاوم تێلیە کرد چاتیەکرد پێـدەکەنی . منی وەک کۆیلە ســـەیرەکرد . لەهەمووی ناخۆشـــتر ئەوەبوو ئەوکچە جیرانی خۆمان بوو من وەک خوشک سەیرمەکرد ئەوە زۆر ئازاری ئەدام .

چومە ماڵی خەســـووم پێیانم ووت : کوڕەکەتان با ژن بهێنێ خۆم ئەچمە داوای من لەگەڵ ئێوە دانیشـــم لەســـەر مناڵەکانم یان لەســـەرماڵەبم وەک خوشـــک لەگەڵ ئەو ژنە ئەبم بەس بـاواز لەم کـارانەی بێنێ بەس ئـازارم دات . تەنانەت لە مارەی و ئاڵتونەکانیش گەردنی ئازاکەم ئەچمە

داوای ئەو کچەش  کەچی هاوسـەرم ووتی : نەخێر لەیەک بیانوو ئەگەڕێم بۆئەوەی دەرت کەم . شـــــەوان توند توند بـاوەشـــــم لە کوڕەکەم ئەدا و ئەخەوتم بەوهیوای خوا دەرگــای بەڕەحمەتمــان لێبکــاتەوە . دڵم ژانیەکرد بۆ کوڕەکەم هەر ئەگریــام . کوڕەکەم زۆر ئــاقڵبوو جوان پەروەردەم کردبوو ئەی ووت : دایە باوکم بۆئەکات . دایە بۆ ئەگریت ؟ من قوربانی تۆبم ئێســــتا لەکوێوە نیگایەکی چاوەکانت بدینم توند دەســــتەکانت بگرم و ماچت بکەم بەسنگمەوە بتگرم لە ئامێز جەرگم بۆت سووتا نازدارەکەم . کورەکەم ئەی ووت: دایە بـا بـاوکم نەیـاتەوە بێتەوە هاوارەکات بەســــەر تۆدا و لەمن ئەدات . هەر ئەی ووت: بەجێم مەهێڵە . چیبکەم ئێمەیان لێک کرد .

هیچ ئومێدم نەماوە بەغەیری خودا نەبێت چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم حاکم بڕیاربدات ڕێگە بدەن بتدینم .کاتی منالّبونم هات دلّم بەمالّی و منالّم خۆشــــبوو ووتم: پشــــت بەخوا بەهاتنی منالّەکەم ناخۆشیەکان بە کۆتادیت .دەی شەو بوو کردمیە سەیارەوە بۆ وولادە کوڕەکەم هاتە باوشم ووتی: دایە منیش دێم ووتم: کوڕم زوودێمەوە بەئازارەوە ڕۆشتم

.گەیشتین بە ولادە بەدەم ئازارەوە ئەو شەوە تەواو نابوو حالّم زۆر خراپ بوو بەزەحمەت منالّم بوو . کاتێک هاتمە هۆش خۆم چەند دکتۆر لەدیارم بوون ووتیان لە مردن گەڕایتەوە . هاوســـەرم هیچ لێی نەپرســـیم نە لەخۆم نە لەمنالّم چۆنین و چۆن نین . دشـــەکەم چوە دەر هاتەوە ووتی: خەریک چاتە . ئیتر چوینە دەر تابگەڕێینەوە مالّ بەڵام نەمی بردەوە ووتی: من نەخۆشـم کۆرۆنامە تۆ بچۆ مالّی باوکت تاچاکەبیت . زۆر دلّم تەنگ بوو زانیم ڕاســت ناکات . ووتم: جلم پێنیە بۆخۆم و منالّم ســـوودی نەبوو چارم نەبوو ووتم: باشە . چوینە مالّی باوکم دایگرتم خۆی نەهاتە مالّ ڕێک لەگەڵ دشەکەم چونەوە مالّ . دایکم وتی: ئێستا چۆنە لەگەڵت ووتم: باشە .

کاتم لێ نارۆشت هێندە خەمم زۆربوو ئازاری منالّ بوونم بیرچوبووە . بۆ بەیانیەکەی خەســـوومی هێنابوو جل و بەرگی هێنا بوو  وە کوڕەکەشم داناو ڕۆشت مالّی باوکم وتیان بانگیدەکەین بزانین بۆئەکات .؟

خەســـووم ووتی:  نا بەقوربانە لێی گەڕێن ئەیکاتە ڕۆژی خۆی بەس هەرکەس کەبێت لەجێی کچەکەتان دانانیشێ و

تەحەموول ناکات . ئیتر نامەزانی چیبکەم بەمناڵی ســـاوا . خودا کوڕێکی دیکەی پێبەخشـــین ناوم نا (هیوا) تا ببێتە هیوایە بۆ ژیانمان جەرگە بچکۆلانەکەم نازدارەکەم ئێســتا پەپوولەی بەهەشتە لەگەڵ خوشکەکەی . باوکم تێلی بۆکرد ووتی: کێشـەتان چیە . ؟ بۆئەکەی کچم چ خراپەیەکی هەیە پێم بلێ بێ وودەبوو . تا حەوتەم چوو باوەشـــم بە دوو کوڕەکەم ئەکرد و ئەگریام ئازاری کوڕە گەورەکەم لەدڵم دەرناچێ کۆمەڵێ پرســـیاری لێکردم ئەمردم ئەی ووت: دایە باوکم بۆئەکات .؟

دوای حەوتەمان چوو ووتم: باوە بمان بەوە ماڵی خۆمان ووتی چۆنەبێ .؟ ووتم: با ئەبێت هەردوو مناڵەکەم کردە ســەیارەکەوە لەگەڵ دایک و باوکم بەڕێکەوتین بۆ شــاری خۆمان .گەیشــتین ماڵی خەســووم پیاوم هات بەئســلوبێ ناشــرین ســەلامی کرد باوکم ووتی: بۆا لەکچم ئەکەیت چ خراپەیەکی هەیە پێم بڵێ ؟ ووتی: دڵم لەســـەری نەماوە نــامەوێــت . بــاوکم ووتی: ئەی کێ لە دڵتە ؟ ووتی: هەرکەســبێ تەواو من بڕیار خۆم داوە تەلاقیەدەم . منیش

ئەگریام ســـاوەکەم لەبەر ســـنگم بوو کورەگەورەکشـــم دەســـتیمی گرتبوو ئەگریا . ووتم: ئەی هاوار بۆوائەڵێیت ؟ ئەی منـاڵەکـان ؟ ووتی: من یـان تۆ بەخێوویـانەکەین . کەوتە هاوار کردن بەسەرم باوکم ووتی: هەرشەرم لە من بکە بۆوائەکەیـت .ووتم: ئەچمە مـاڵی خۆم ووتی: بچیە هەرجێ من لەو جێیە نـابم . بـاوکم ووتی: چیبکەین نەیـدەتوانی منـاڵەکـانم لێـدوورخـات ووتم: دێمەوە کوڕە گەورەکەشـــم توند کراســـەکەمی گرت ئەویشـــم هێناوە چوینەوە ناو ســـەیارەکە ســـەیری ماڵ و خانوەکەمم کرد بەس ئەگریـام .گەڕاینەوە مـاڵ بـاوکم . ئەپاڕامەوە لەخوا یـان بمکوژێ یـان دڵی پیـاوم چـاکـات بەس ســـەیری مناڵەکانمم ئەکردوو ئەگریام .

هیوا کوڕەبچوکەکم بێ نازەکەم تەنانەت باوکی ســـەیری ڕووخســـاریشـــی نەکرد ئەمنا بەســـنگمەوە بۆنم ئەکرد .خەســـووم تێلی کرد ووتی: کوڕمان بڕیاری داوە تەواو جیابێتەوە قســـەســـوودی نیە لەگەڵی . باوکم ووتی: وەرن منـــاڵەکـان بەنەوە . ئیتر شـــێـت بووم هـاوارم ئەکرد ئەپـاڕامەوە خودایە مووعجیزەیە ڕووبـدات لە منـداڵەکـانم

دانبڕێم . دایکم و باوکم ڕازی نەبون منداڵەکان لای خۆم بێت تەمەنم 26 ســـــاڵبوو . ئەو شــــەوە هیچ نەخەوتم بچوکەکەم ئەنا بە ســـنگمەوە بۆنمەکرد و شـــیرم پێدا ئەم ووت: تێربخۆ دوا شەوە پێکەوەین . دواتر کورە گەورەکەم ئەنـا بەســــــنگمەوە تـابەیـانی بەو شــــێوە مـاڵی بـاوکم بەدیارمانەوە ئەگریان . هەردووکیانم بۆن دەکرد ووتم: تا بۆنیـان لەنـاو دڵم بمێنێ . ڕۆژ بۆوە هەردووکیـانم پـاک کردەوە ووتـم: بۆ دواجــار دایکتــان ئەتــان شـــــوات جوانتانئەکات . پاشان وەسیەتم کرد بۆ کوڕە پێنج ساڵ و نیوەکەم ووتم: کوڕم من نەمتوانی تاگەورەبون لەگەڵتانبم نــازتــان هەڵگرم بــاوکــت لێکمــانی جیـاکردەوە ئەوەنەی لەگەڵتان بووم هەوڵم داوە باشترین دایکبم .

کوڕم ئـاگـات لە براکەتبێ و ببە بە دایـک و براگەورە و خوشـــــک بۆیە نەهێڵی نەلەماڵ نە لەکۆڵان کەس خەدری لێکات .کەی گەورەبوون دێن بۆلام ووتی: باشـە دایە ئاگام لێبێ بەس چۆن بێم پۆلیس ناهێڵێ . ڕێک دەســــتم کردە گریان لەو قسانەدابووم شوبرام و دشەکەم هاتن  هاوارم کرد ووتم: بۆچی هـاتوون ؟ چۆن ئەو زووڵمەم لێکەن ؟

ئیتر قیامەت هەڵسـا هاوارمەکرد ئەگریام مناڵە سـاواکەم کردە باوەش دەستی گەورەکەشم گرت تابڕۆم بەڵام نەیان هێشـت دەسـتی کوڕە گەورەکەمیان لەدەسـتم کردەوە هەردووکمـان ئەگریـاین خودایە ئەوەی منـاڵ لەدایکی ئەسـێنێ خودایە لێی هەڵنەگریت . سـاواکە بەباوەشـم بوو لەهەرلاوە ڕامەکرد یەکێ ئەهـاتە پێشـم منیـان گرت و بچوکەکەمیان لێسـەن و ڕۆشـتن ڕام کردە کۆڵان ووتم: بۆسـتن با بۆدواجار بیان دینم ماڵ ئـاواییـان لێبکەم ، هەردووکیانم ماچ کرد . ڕۆشتن شێت بووم جەرگم ئاگری گرت بەدوای سـەیارەکە ڕامەکرد تا لەهۆش خۆم چوم کاتێ هۆشم هاتەوە لەباوەش باوکم بووم .

خەڵک هەمووی لەسەر سەرم بوو ئەگریام هاوارمەکرد بۆ مناڵەکانم بێ سـوودبوو لە خەم و خەفەت مناڵەکانم تەواو لەقـاچ کەوتم لەپـاڵەوە خواردن ئەکرا بەدەممەوە . هێزم لێبڕا بەس دووعامەکرد خوایە هەقم بسێنی. بۆ بەیانیەکەی تێل بۆ باوکم هات شـوبرام بوو ووتی کوڕە بچوکەکەی زۆر نەخۆشـە . ئیتر شـێت بووم برامە نەخۆشـخانە

دەرزیان لێدام تاخەوم لێکەوت سـەعات یەک شـەو تێل بۆ باوکم هات ووتی: شوبراتە ڕێک ووتم: کوڕەکەم مرد ...!!!!!

ووتی بۆوائالێی ووتم: وانەبێ تێل ناکەن بەم کاتە باوکم هەڵی گرت بێدەنگ بوو ووتی: ها شـــــووبراکەتە ووتی: کوڕەکەت مرد . خوایە هاوار بۆتۆ بۆ دووەم جار جەرگم ســــووتا خودایە کوڕم مرد خۆ ئەو هیچ عەیبی نەبوو بۆ مرد . ؟ ناوی خوام هێناو ووتم: خوایە شـوکرم بەبەشـت بەس ئەگریام نەمەزانی خەم لە جەرگ سووتانم بخۆم یان لە کوڕەگورەکەم یان لە ماڵی تێکچوم ؟

ژیانم تەواو وێران بوو باری دەروونیم تێکچوو هیچ باش نەبووم . تەنانەت بۆ دواجار جەنازەی کوڕەبێ نازکەمم نەدیت ئەی هاوار چ عەزابێکە تەنانەت نازانم گۆڕەکەشــی لە کوێیە . ڕۆڵەکەم شیرینەکەم بەرگی دوور دایەت نەگرت ڕۆشـــتی بۆلای خوشـــکەکەت کوڕەکەم ئێســـتا لەکام گۆڕسـتانی ؟ جەرگم بۆت سـوتا .چوبوە دوای ئەوکچەی کە وەک خـوشـــکم بـوو کەمــاڵـی وێران کـردم بەڵام کەسووکاری زانیبوویان ماڵی منی کاول کردوە بۆیە نەیان دابوو پێی . شووی بە پیاوێکە کرد تەنها ئەڵێم حسبی الله.

مافی کەس لەســـەر کەس نامێنێ ڕۆژێک دێت خودا هەقت بۆ ئەکاتەوە دوای 40 شـەو پیاوم ژنی مارەکرد کەهێشـتا مەحکەمەمـان بەکۆتـا نەهـاتبوو .لەکۆتـادا جیـابووینەوە .جەرگ سووتاو ماڵ وێران بوم خەمی دووری کوڕەکەشم بەلایەک .ئێمە پوورزای یەک بووین دایکمان خوشـــک بوو ئێســـتا ئەو خوشـــکایەتیە نەما دوای ماوەیە دەزگیرانی تەڵاقی لێوەرگرت کـاتێ زانیبوویـان من پوورزای بوومە و بەخەدر تەڵاقی داوم . هەمـان دشـــم کە منـاڵەکـانمی لە باوەش کردەوە تەڵاق درا بە سێ مناڵەوە .

سووپاس بۆخوا پاشان دایک و باوکم کەهۆکاری مانەوەی من بووم هۆیەک بوون تا دووبارە هەڵسمەوە سەرپێیەکانم . نزاکـانم زۆر کوڕ جوانەکەمە بە ئـاواتی دیتنەوەی کوڕەکەمم کە ئێستا وازانێت من مردووم ماڵ خەسووم بە کوڕەکەمان ووتوە دایکت مردووە نازدارەکەم بەحەسرەت دیدارتم . ساڵێک و شـەش دانە مانگ بەسـەر ئەم ڕووداوە تێپەڕیوە من هێشـــتا کوڕەکەمم نەدیوە تەنانەت گوێم لە دەنگیشی نەبوە چونکە بەکوڕەکەمیان وتوە دایکت مردووە

ناهێلن تەلەفون کەم . بەڵام ســــووپاس بۆخوا کۆتاجار دادگا بڕیاری دا منداڵەکەم بدینم  و باوکی ڕێگری نەکات ئێســــتاش چاوەڕێم ژیانێکی نوێ دەســــت پێبکەمەوە بە پشــــتیوانی خوایگەورە نـائوومێـد نیم لەدەرگـای خودا هەمیشە ئەڵێم حسبی الله .

تائەم دەقەش بەدیداری کوڕم شادنەبوومەتەوە ئێستا ڕۆژ ئەژمێرم کە کوڕەکەم بدینمەوە توند لە ئامێزی بگرم پێ بڵێم من نەمردووم باوکت لێکی کردین بۆ دوو پەپوولەکەشم داوا لەخواکەم لەقیامەت پێیان شاد بمەوە .
سووپا س بۆخودا کەس بەتەنها جێناهێڵێت . حسبی الله



# ئارامگری ئافرەتێک لەبەردەم قەدەری ژیانی

خەمەکانت هەر چەندە گەورەشبوو بەخودای بسپێرە وە بێ خەم بە . لەتەمەنی 25 ساڵیدا .چومە ژیانی هاوسەرگیری سوپاس بۆ خودا دڵخۆش و بەختەوەربووین ، هاوسەرم کرێکاری ئەکرد بەڕۆژانەیەکی کەم ، هاوکات ماڵی باوکم جار جار هاوکارمان ئەبون دوور و نزیک چاویان لێمانەبوو نەبونی نەبوە هۆی ساردبونەوەی ئەو خۆشەویستیەی لەنێوان من و هاوسەرم دابوو گەرچی بژێووی ژیانمان تائەهات قورستر ئەبوو دوای ماوەیە یەکەم منالّمان چاوی بەدوونیا هەڵهێنا ، زۆز زۆر دڵخۆش و بەختەوەبووین بەجۆرێ وامان ئەزانی دوونیا بەتەنها هی ئێمەیە . هاوسەرم جار هەبوو ئیشی دەسناکەوت وە ئەگەڕایەوە بەدەست بەتاڵی من دایم دڵیم ئەدایەوە پێمە ووت: . خواگەورەیە ڕسق لای خودایە نائوومێد مەبە .دواجار هاوسەرم ئیشەکەی نەما و بێ ئیش کەوت . پاش ماوەیە خزم و کەس ئیشێکیان بۆ دۆزیتەوە لەدەرەوەی شارەکەی خۆمان ، بۆیە وای پێویست کرد شاری خۆمان جێبهێڵن و بڕۆین .لەبەر خاتری هاوسەرم لەماڵەباوان

دوورکەوتمەوە هاوشـــان هاوســـەرم ڕێمە کرد بومە هێز بۆی نەمهێشت ڕۆژێک واهەست بکات نەبونیەکەی مایەی دڵگرانیمە ، دایم بە قەناعەت بووم  پشتم بەخودا ئەبەست و داوای خێر و خۆشـــیم  لەخوا ئەکرد ، چوینە خانوی کرێ و هاوسـەرم  چوە سـەر ئیشـە نوێیەکەی سـووپاس بۆخوا باری مادیمان کەمێ باشـتربوو ، ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەمـان تـا  ئەهـات گەورەتر ئەبوو. زۆجـار خەڵکی حەسوودیان پێمان ئەبرد ئەیان  ووت:

ئێوە ئاوا نەبون و بێ ماڵن بۆوا دڵخۆشن ؟

ناین ئەزانی پشت بەخوا بەستن و نزاکردن  خۆشبەختی لەدوای خۆی ئەهێنێت ، هێزی خۆشـــەویســـتی نێوانمان مایەی بەردەوامیمان بوو ، ســـووپاس بۆخوا تاوای لێهات ئیشـــی هاوســـەرم باشـــبوو بوینە خاوەن چەن مناڵێک و وردە وردە بووینە خاوەن خانوو ماڵی خۆمان لەدوای ئەو هەموو زەحمەتی و نـاخۆشـــیەی هـاتەڕێمـان دەســـتی هـاوســـــەرمم بەرنەدا و هـاوخەمی بووم ، مرۆڤ کـاتێ ئیرادەی بەهێزبێ و خۆی و ئازیزانی بداتە دەستی خودا ، خوداش ڕێگـای ژیـانی گوڵ ڕێژ ئەکـات . خێزانێکی

بەختەوەر بووین هاوســـــەرمم زۆر خۆشـــئەویســــت . بەیانیەکی هەڵســام هاوســەرم بەڕێکرد بۆ ســەر کارەکەی بەڵام نەمزانی دوابەیـانیە هەڵئەســــتم و مـاڵئـاوای لێکەم نەمـزانـی ئێـوارێ نـایـاتەوە نەمەزانـی کۆتـا بەیـانـیە لەبەرامبەری دانیشــتم و نان ئەخۆم دانیشــتم و ســـەیری نیگاکانی ئەکەم الحمدالله هەرچی لای خواوە دێت خێری پێوەیە ئەمە جوانترین هەڵوێســــتە لەڕووی قەدەر ، کاتی هاتنەوەی هاوســـەرم بوو هەر دیارنەبوو دڵم تەنگ ئەبوو ئاخۆ شتێ ڕووی نەدابێت ؟

تـا هەواڵم بۆ هـات هـاوســــەرم لەکـات هـاتنەوەی لەئێش دەعمی کردوە وە گیانی لەدەست داوە ناخۆشترین هەواڵی ژیانم بوو من پشــت و پەنام نەما هێزی گیانم لەدەســت دا تەنانەت لەو کاتە دژوارەش ســـووپاســـی خوام کرد بەڵام دڵم پارچە پارچەبوو ، شـــەو ڕۆژم بوە گریان بۆ دووری هاوسەرم ، ژیانێکی زۆر کورتە نازانین کەی لێک دابڕێین ، وردە وردە خـوا ســــەبووری دڵـمی دا بەڵام مـردنـی هاوســـەرم کاریگەری زۆری لەســــەرم هەبوو . لەدوای شـــەش ســــاڵ لەمردنی هـاوســــەرم هەمـان ڕووداو

ڕوویدایەوە . ئەمجاریان جەرگم ســـوتا کوڕەگەورەکەم وەکو باوکی بەحادیســەی ســەیارە وەفاتی کرد، خەمەکەم بوە دووخەم  هەر ســـووپاس خوام کرد خۆی ئەیدات خۆشــی ئیباتەوە ، زۆر ئومێد بەخشــە لەناو دڵتەنگ یو بێ هیوایەکاندا دەســتەکانت بۆلای خودا بەرزبکەیتەوە و بلێی خودایە تۆ هیوا و ئومێــدی منیــت ، لەدوای مــاوەیەک سووپاس بۆخوا باشبوین و وردە وردە دەستمان بەژیان کردەوە ژنم بۆ کوڕم هێنــاو کچم دایە شـــوو بەڵام هاوســـەرم لەیادنەدەکرد بەیادو خەیاڵی ئەژیام  زوو زوو ئەچمە ســـەردانی  لەگۆڕســـتان لەکۆتای ووشـــەکانم حەزئەکەم  پێتان بلێم  دڵتەنگ مەبن و هەوڵدەن هەمیشـــە قســـەکانی دڵتان لەســـەر بەرماڵەکت بۆ خودابکەن ، خودا گەورەترین هێزی مرۆڤەکـانە هەمیشـــە هیوابەخشـــە لەسەخترین کاتەکانیشدا ، سووپاس بۆخوا بۆ هەمووشت .



# ئەشقی  ژنە شەهیدێک بۆ هاوسەرەکەی

لە تاریکی شـەو نەدەترسام . لە نەبوونی تۆ و ژیان کردن بێ تۆ ئەترســام . ســەرەتای  یەکتر ناسـینمان بۆ تەمەنی 17 سـالّیم ئەگەڕێتەوە .کاتێک لەشــایی مالّە خزمێک ئەبم (ن.چ)  دەم دینێت و ئاشقم ئەبێت بێوەی خۆم ئاگاداربم تا شـەوێک زەنگی مووبایلەکەی دایکم لێدا کوڕێک بوو ووتی : تۆ (د.ن) ؟ من تۆم دیوە و خۆشم ئەوێیت .

دایکم پێی ووت: نەخێر من (د.ن) نیم من دایکی ئەوم . منیش زۆر ترسـام  و ناشـمەزانی کێیە؟ بۆیە مووبایلەکەم لە دایکم وەرگرت و زۆر قســەی ناخۆشـــم پێ ووت: . تا پێی ووتم : باشــە  من تۆم خۆشــەوێت تامردنیش هەر تۆ لەدلّمـای .لەدوای ســــالّیک و حەوت مـانگ هـاتە داوام ســــووێندمان بە قورئان خوارد خیانەت لەیەک نەکەین . 12ی تەواو کردبوو ســــەرەتـا مـالّەوەمـان نکۆلیـانەکرد لەوەی شـوبکەم ئەیان ووت : منالّە منیش خۆشـم ویسـت خاوەن قسەو پەیمانی خۆیبوو بۆیە بە هەموانم ووت : یان ئەو یان مردن من تەنها ئەوم ئەوێت .

ویســـتی خودای لەســـەر بوو هەردووکمان بەیەک بگەین .سووپاس بۆخودا دوای ڕەزامەندی هەردوولا 2013/9/4 مارەی کردم ئێســـتا هەردووکمان دلخۆشـــین بەیەک گەیشتنمان سوپاس بۆخودا . 2014/3/27 گواستمیەوە ، دوومانگ لای بووم شەڕی داعش دەستی پێکرد .هاوسەرم پێشـــمەرگەبوو .57 ڕۆژ چوە بەرەکـانی جەنـگ و نەگەڕایەوە کە بووکی دوومانگ بووم زۆر دلّم تەنگ بوو شــەو و ڕۆژم بوە گریان . تا دوو ســاڵ بەو شـێوە ژیانم بردە ســەر. هەرجار ئەهاتەوە توند باوشــمان لەیەک ئەدا بەس دووعای سـەلامەتیم بۆ ئەکرد زۆر ئەترسـام شـتێکی لێبێت ژیانم بە ترســە ترس بەڕێوەچوو ئەوماوەیە . دواتر وردە وردە دەوام باشـــبوو ئیتر خۆشـــیمان لە ژیان وەرگرت بیرمان لەوە کردەوە منداڵمان بێت . بەداخەوە خودا پێمانی نەبەخشــی . هاوســەرم دڵنەوای ئەکردم ئەی ووت: گرینگ پێکەوەین یەکمان خۆشـــەوێت تۆ هی منیت . هەمووجار پێی ئەوتم بەس تۆ بۆمن ساخ و سـەلامەت بە هیچم ناوێت . خۆشـەویسـتیمان رۆژ بەڕۆژ زیادی ئەکرد ڕۆژێک دڵمان لێک نەشـــکا . خەڵکی ناوچەکە هەموویان باسی خۆشەویستی نێوان ئێمەیان ئەکرد .

کــاتی دەوامی هــات بۆ بەیــانی دەوامی بوو لەگەڵ هاوڕێکانی بڕوات . ئاخ ئەو ڕۆشـــتنەی ڕۆشـــت نەهاتەوە من هەرگیز نەمزانی زوو ماڵئاوایم لێئەکەیت .بۆشـەوەکەی کە بەیــانی دەوامی بوو پێی ووتم : لە دەوام بێمەوە عیدزەواج ئەکەین لە دهۆک . جلەکانت ببە خەیات تادێمەوە ئامادەبێت .ئەو شـەوە زۆر نەخۆشبووم  حەپم خوارد وتم بـاچـابم لەخەمی من نەبێت دایم کە دەوامی هەبوایە زوو ئەخەوت بەڵام ئەو شـــەوە ناخەوت  باســی ژیان خۆمانی ئەکرد منیش کرێمێکم دا لە دەم و چـاوی ههھە ووتم: تـا بەیانی لەناو هاورێکانت جوان دەربکەویت . کات بوە ســێ شـــەو هەر نەخەوت تەها توند باوشـــی پێدا ئەکردم لەپڕ شـــتێک لە دڵم دروســـت بوو پێم ووت :  من ئەترســـم . چەندجار خەون ناخۆشـــم پێوە دیت بەڵام ووتی : هیچ نیە بخەوە .  بەیانی هەســـتاین بارانێک دایکرد پەنجەرەی ژورەکەی کردەوە هێندە بەهێزبوو ووتی بۆنی باران چند خۆشـــە . دووبارە توند لە ئامێز گرتم  .ووتی: نان بەیانی ناخۆم تۆ نان نەخۆیت منیش چوم و لتەکی دانیشـــتم و نـانمـان خوارد نەمزانی ئەوە دواین نـان خواردنمـانە دڵم ژانەکات بۆ هەر سانیەک کە پێکەوە بووین

ســـــووپاس بۆتۆ خودایە . نانمان ئەکرد بەدەم یەکەوە . تـاکـاتی مـاڵئـاوای نزیـک ئەبۆیە زیـاتر دڵم تونـد ئەبوو . دووبـارە لەئـامێزی گرتم ووتی: زۆر خەرێبیـت ئەکەم سەعاتەکەی و چاکەتەکەی کردە بە رمن ووتی: باڵەبەرت بێ تا دێمەوە . ڕۆشـــــت لەماڵ دڵم توندبوو چومە ژوور خۆم بێ تاقەت دانیشـــتم دڵم خەبەری دابوو شـــتێک ئەبێ دوای 40 دەققە لە ڕۆشـــــتنی تێلم بۆکرد وولامی نەبوو چوارەم جـارولامی دا بەس ئاخ چ وولامـدانێک ئەو نەبوو هاوڕێیەکی بوو .ووتی توش حادیسە بوونە . ڕێک ووتم: بەخوا ماڵم خەراپ بوو . هەموان ووتیان: نـاوامەڵێ ووتم: ئەزانم مـــاڵم وێران بوو بەگریـــانەوە ڕۆشـــــتم بەرەو نەخۆشـــــخانە . کاتێک دینیتم لەناو خوێن خۆی ئەگەوزا زۆر بنگم کرد هاوارم کرد تەنها ناڵەیە هات دوســـەعات لە نەخۆشخانە دەستی لەناو دەستم بوو کاتێک مرد . تەواو خودایە مـاڵم وێران بوو بێ کەس بوم مـاڵ وێران خۆم زۆر گریام بانگم کرد ئەو نەما کرایە ناو ئیســـعاف لەگەڵی ســـەرکەوتم لەباوەشـــم دابوو بەدەســـتی خۆم چاوکانیم داخســـــت دەســـــتم لە برینەکانی ئەدا هاوارم ئەکرد ئاخ چ عەزابێک بوو چ ڕۆژێک بوو .

2019/9/14 مالئاوای لێکردم . تەواو ڕوخام ئەوکات تەنها 23 ســـاڵبووم . تێکەڵ کەس نابووم تەنها گریان .ماوەی دەمانگ لەماڵ خەســـووم مامەوە ناخۆشـــترین ڕۆژەکانی ژیانم بردە ســـەر . تا لەکۆتاییا بڕیارم دا هەستمە سەرپێیکانم و دەست بکەمەوە بە خوێندن چومە باشـــترین بەش ناوم لە هەولێر هاتەوە بۆ پارێزەری . کە دڵ شکا ژیان ئەبێت بە دۆزەخێک وا هەست ئەکەیت تەنها تۆی تێدا ئەژیت . دواکارم زۆر دێت بەڵام بڕیارم داوە تا ئەو لە دڵم بێت هاوسەرگیری نەکەم . تائێستاش ئەڵقەکەیم لەدەست دانەناوە چونکە سوێندمان خوارد خیانەت لێک نەکەین جلی زاوایەتیەکەیم لای خۆم هەڵگرتوە ئەو جلانەی خۆشـــم لەبەرم دابوو یادگاریەکانی هەمووی بەشـــێکن لەبوونی من هۆیەکن بۆ مانەوەی من لفافە خوێناویەکەی ســـەری ئێســـتاش هەڵم گرتوە وەســـیەتم کردوە لای دایکم کە مردم بەســـــەرمی بپێچن ئەوکات بمکەنە نـاو گۆڕ .جلەکانی بۆ دواجار لە بەری بوو بەخوێنەکەوەی هەڵم گرتوە لەگەڵ جلەکان خۆم کە ئەو ڕۆژە لە بەرم دا بوو .

ئەو بەجۆرێک لەدڵم ئەژێت کەنازانم مردبێت .من نزائەکەم لە بەهەشـــتەکەی خۆی پێکمان شـــاد کاتەوە . ئێمە ئاوا ئاشقی یەک بووین . من بوومە قوربانی ئیشقی ئەو ئێستا بەردەوامم لە ژیان بە خەیاڵ و یادگاری ئەو ئەژێم .



## فرمێسکی چاوم کەوتە سەر ڕووخساری باوکم بە ئاگای هێنا.

تەنها ڕۆژێک بیرکردنەوە لە خودی خۆت دەتوانێت ساڵێک لە پەشیمانی رزگارت بکات. لە ژیانم هەست بە پەشیمانی نـاکەم مەگەر تەنهـا کـاتێـک چـاکەیەک هـاتبێتە ڕێگـام ونەمتوانی بێت ئەنجـامی بدەم.گەر هەموومـان بـاوکمـان نەشـبێ خوا تەمەن دابێت ئەبینە باوک سـووپاس بۆ خوا بێ بەش نەبووم لە نیعمەتی هەبوونی بـاوک بەڵام بەداخەوە لەکاتێک دا باوکم لە دەسـت دا تازەکەوتبوومە سەر پێیەکانی خۆم .باوکم لە پڕێک دا ڕەنگی سوری بوە زەرد ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر ئەبوو تـاچوینە نەخۆشـخـانە لەدوای دەرچونی فەحسـەکان ڕەوانەی نەخۆشـخانەی (هیوا) کراین .تا دڵنیابینەوە لەوەی توشبووی شێرپەنجەیە . باوکم زۆر ترسـا منیش لەگەڵی کردمە گاڵتە و پێکەنین وتم : سـووپاس بۆخوا فەحسـەکانت هەمووی پاکە لە نەخۆشـخانەی هیوا دکتۆری باشـی لێیە ئەچین تالەوێ فەحست بۆبکەین بزانین چیتە ووتی: باشە بابڕۆین

گەیشتینە نەخۆشخانەی هیوا فەحس بۆ باوکم کرا دواجار فەحســـــەکان دەرچوو دکتۆر بانگی کردم ووتی :باوکت زەختی هەیە و ئەشترسیێت نەزانێ چی نەخۆشیەکی هەیە ڕەنگە باشتربێت.

ووتم :چیبوە دکتۆر؟

دکتۆر:باوکت شێرپەنجەی گورچیلەیەتی.

ساتێک وەستام وەک شتێک هەستم کرد دونیا بەسەرم ڕووخا و پاشـــان ووتم: گورچیلەی بۆ ئەگۆڕین گەر پێوویست کات گورچیلەی خۆمی پێ ئەبەخشم بەداخەوە کار لەوە نەمابوو بتوانرێ گورچیلەی بۆ بگۆڕدرێت. زۆر گریام دایکم کاتێک دیتمی زانی شتێک بوە پێم ووت:ئەو لە من خراپتر بوو حاڵی هەردووکمان ئەگریاین . لەودیوو دەرگاوە باوکم بەهیواوە ڕاوەســـتابوو چاوەڕێی وڵامان بوو.بەدایکم ووت: هەســـتە دەم و چاوت بشـــۆ و بە پێکەنینەوە بچۆوە بۆلای باوکم با هەســـت بەیەک شـــت نەکات خۆشـــم بەهەمان شـــێوە دەم و چاوم شـــۆری وبەپکەنیەوە چومە لای باوکم .

پێمی ووت: هـا خوله دكتۆر چی ووت ؟ووتم :بـاوه ئەی نەمووت: هەر بۆ دڵنیـابوونەوه ئێمەیـان نـاردوه بۆ ئێره .وەک گوێز سـاخ وایت سـووپاس بۆ خوا عەیبت نیه تەنها گورچیلەت ڕملی هەیه .باوكم ڕەنگی گەشـایەوه و پێكەنیت ئەی ووت:خۆم ئەمزانیت عەیبم نیه و شێرپەنجەم نیه.

دكتۆر:بــانگی كردمەوه ووتی:بە زووترین كــات ئەبێــت عەمەلیاتی بۆ بكرێت ئەو گورچیلەیەی نەخۆشـــیەكه تیا بڵاو بۆتەوه دەربكرێـت . ووتم:دكتۆر ئەگەری دەرچون لەو عەمەلیاتە چەندە ؟ دكتۆر:%1 واتـا لە %99 بـاوكم ئەمرێت ؟ دكتۆر وەک ئەوه وایه من بەدەستی خۆم باوكم لە سـەر بینایەكی بەرز فریدەمە خوار چۆن ئەتوانم وابكەم ؟ دكتۆر: لەدەست خۆتانە گەر حەزئەكەن عەمەلیات بكرێت ئەبێت ئیمزا بكەن.داوام كرد بیربكەمەوه دووباره دەســـتم كردەوه گریان كاتێک خۆم زۆر بەبێ دەســـەڵات دی لە ئاســـت باوكم و ناتوانم یارمەتی بەم . دایكم هات چیبوو عەمەلیـات ئەكرێت ؟ ووتم: بـاوكم بەخوا جێمـان ئەهێڵێت موبایلەكەم لەگیرفان دەرهێنا و تیلم كرد بۆ مامم . تەواوی باســـەكەم بۆكرد بەگریانەوه پێمی ووت: خۆت بڕیاربە

عەمەلیات بکرێت یانا .بەبراکەشـــم ووت: هەمان وولآمی هەبوو .چۆن بتوانم  هیوا و ئومێد باوکم ببڕم ؟ وولآمم : نەخێر بووچومەوە لای بـاوکم ووتم: بـاوە عەمەلیـات نـاکرێیـت .ووتی : بۆ ڕۆڵە چیبوە ؟ بـاوە دکتۆر ووتی: پێووســـت ناکات تەنها با ئیســـراحەت بکات چاکەبێتەوە باوکم ســـووپاس بۆ خوا گەراینەوەماڵەوە و چاوەڕێی ڕەحمی خودا بووین.هیوایەکی زۆر لە دڵی بـاوکم بوو بەمیوانەکانی ئەوت: شـــوکر فەحســـم پاکە و چاکەبمەوە. .ئازار بەدڵم ئەگەیشـــت بەو شـــێوە باوکم ئەدیت بێ خەبەربوو ئیزرائیـل ســـەروی مـاڵی لیگرتوە کەی بێ ڕووحی ئەکێشـــێت .  هەموو ڕۆژێک ئەچوینە دەرێ بۆ پیاسە لەگەڵ باوکم تا بێ تاقەت نەبێت.ڕۆژێکیان وەک دڵی خەبەری دابێت ئەمرێت پێمی ووت:کوڕم گەر هات و مردم ببە بـاوکێکی بـاش بۆ ئەومنـالآنە. دوای ڕەت کردنەوەی عەمەلیاتەکە دکتۆر ووتی:لەم دەققەوە تا شـەش مانگی کە باوکتان ئەمێنێت ئەبێت حاڵی دڵ چۆنها بێت ؟

ڕۆژ بە ڕۆژ باوکم خراپتر ئەبوو تا تەواو لەجوڵەکەوت و زمانی شـــکا چاوەکانی بەحاڵ ئەیان توانی بکرێنەوە

ئەمزانی کۆتای باوکمە لەدیار سـەر باوکم بەبێ دەنگی ئەگریام فرمێسک لەچاوم کەوتە خوار بەر ڕووخساری باوکم کەوت چاوەکانی هێواش هێواش کردەوە توانای قسـەکردنی نەمابوو بەڵام هەولی ئەدا دەسـتەکانی بەرزکاتەوە تا فرمێسک چاوم بسرێت بەسەری ئاماژەی بۆ کردم نەگریم .خۆم پێ ڕاگیر نەگرا دەستم کردە گریان چومەدەر تاتوانیم گریام ووتم: باوکم تەواو بەخوا جێمان ئەهێلێت . دایک و باوکم ئەبنە مێژوو بەڵام هەرگیز دووبارە نابنەوە .دوواجار باوکم ماڵئاوای لێکردین . گەر تەمەنمان هەر چەند بێت هەر پێوویسـتمان بە دایک و باوک ئەبێت تا دایک و باوکت لە ژیان ماوە خەم خواردن گوناە باوک بۆ منالٚ هێزە پشـت و پەنایە گەرچی ئێسـتا باوکم نیە بەڵام دایکم ماوە الحمدالله . لەکۆتادا سـووپاس بوتۆ خودایە گۆڕت پڕنوربێت باوەگیان بەبێ خەم بنوو لەم دوونیا بچوکە ئیسراحەت نەکرد.

# باوکم لە نیوەی ڕێگا بەجێی هێشتم

باوک ئەو بەدیهێنراوەی  خودایە وەک پاڵ پشـــێتێک بۆ هاوســـەرەکەی و وەک قەڵایەک بۆمناڵەکانی بەدی هێناوە .وردە وردە ئەچوینە وەرزی پایز ڕەنگی باوکیشـــم وەک گەڵاکان ڕوو لە زەردی بوو لە پڕێک باوکم نەخۆش کەوت چونە نەخۆشـــخانە لەدوای چەن جار ســـەردانی کردن نەخۆشخانە و فەحس بۆی دواجار ناردرایە نەخۆشخانەی هیوا.ئەوکات تەمەنم شـانزە سـاڵ بوو .دایم ماڵمان پڕبوو لە میوان تا درەنگی شـــەو.منیش خەریک خوێندن بووم گوێم لێبوو دایکم قســەی بۆ خوشـک و براکەم ئەکرد کە ئەنجامی فەحسەکانی باوکم دلخۆشکەر نیە چونکە توشی شـێرپەنجە بوە . ئای خوایەگیان گوێم لەچیبوو من ؟ لەپڕ وەســتام و هەســتم ڕاگرت واتا :  باوکم ئەمرێت ؟  زۆر دڵم تەنگ بوو فرمێســک بەچاوەکانم هاتنە خوار .  باوکم ڕێژەی شـێرپەنجەکەی دەرەجە چوار بوو . هیچ ئومێدێکی چارەســـەر کردنی نەمابوو بەداخەوە  ئەو ماوەی دکتۆر بۆی دانابوو شـــەش مانگ بوو باوکم پێنج مانگ و دەڕۆژ

ژیا. ئیتر کەسێک نەما من پێی بلێم باوکە.باوەگیان پشت و پەنای من هەر ساتێک دیتنی باوکم لە سەر جێگای مەرگ دڵمی ئازار ئەدا زۆر ســــەختە ئازیزێکت لەپێش چاوت مۆمی تەمەنی بکوژێتەوە .ڕۆژ بەڕۆژ بـاوکم حـاڵی ڕوو لەخراپی بوو کـاتێـک عیلاج کیمیـاوی خوارد ورد وردە تاڵەکانی قژی ســـپی ئەبوو بێ تاقەت و لاوازتر بوو. تا باوکم زمانی شـــکا و لە کۆتاییەکانی ژیانی نزیک ئەبۆوە شەوێک پێش مردنی دوای ڕۆشتنی  میوانەکان چومە لای باوکمەوە و دەســـتەکانیم گرت و لەدڵی خۆم قســـەم بۆی ئەکرد فرمێســـــک هێواش هێواش لەچـاوم ئەهـاتە خوار گەروم پڕ لە گریان بوو تابەرەبەیان دەســـــتەکانیم توند گرت و ماچم ئەکرد تەنانەت لەوکاتەش بێ هیوا نەبووم لە دووبـارە چـاک بونەوەی بـاوکم .بـاوکم وەزعی خراپتربوو بانگ قورئان خوێن کرا یاســـین بەســـەریدا بخوێنێت من هەســـتم بەترس ئەکرد ئەترســـام باوکم بمرێت بەداخەوە شـــێرپەنجە ڕێگـای نەدا بـاوکم بەدەســـتەکـانی خۆی گەورەمان کات نازمان هەڵگرێت بەرە بەیانی 2015/4/18 بەیەکجاری باوکم ماڵئاوای لێکردین

دیتم دایکم دەســـتی بەڕوخســـاری باوکم ئەهێنا و ئەگریا چومە دیار باوکم براگەورەکەم ئەویش لەدیار سەری بوو دایکم ووتی : باوکت مرد . هیچم پێ ناوترا ئاخر چیش بلێم ؟ مردنی باوک گەلێ گرانە بۆدواجار خوشـــک و براکانم هاتن نێووچەوانی باوکمیان ماچکرد چومە ســـەر جەنازەی باوکم و باوشم پێدا کرد سەرم لەسەر سنگی لانەئەدا .باوکەگیان کچە بچوکەکەت بانگت ئەکات دەتوخوا هەڵسەوە .!

باوکم برا بۆنەخۆشـــخانە و دواتر کە باوکمیان هینایەوە ماڵەوە لەناو تابوت بوو زۆرگریام و باوشم پێدا کرد لەبن گوێیدا بەهێواشی بۆ دواجار قسەم بۆکرد ووتم: . خۆمن هێشتا گەورە نەبوومە بۆچی جێت هێشتم دایکم لەباوەش باوکم لامی دام تەواو باوکم بۆ هەمیشـــە ڕۆشـــت .ئیتر هەوارگەی باوکم لە گۆڕستانە خۆزگە گۆرستانەکە هێندە نزیک بوایە هەرکات دڵم تەنگ بوایە بچومایەتە ســـەر گۆڕەکەی بەدڵی خۆم باوەشم بەکێلی سەرقەبرکەیدا بکەم بەدڵی خۆم قســـەی لەگەڵ بکەم زۆر زەحمەتە قەناعەت بەدڵ کەیت ئازیزترین کەست لەژێر گۆڕدایە

کاتێک هەتیوو کەوتم بێ ناز بووم ئەوکات زانیم باوک چەندە گەورەیە چەند میهرەبانە بەئێستاشەوە دلم تەنگەدەبێت لە بێ باوکی وە کاتێ کچێکم ئەدیت باسی باوکی ئەکرد بەڕاستی خەمم ئەخوارد بۆخۆم .منداڵ هەمیشە پێوویستی بەدایک و باوکە .لەدوای مردنی باوکم تەزبیحەکەیم کردە دەستم و تەنانەت کاغەز پەکانیشیم هەڵگرتوە هەتاکو ئێستا کە حەوت ساڵ بەسەر مردنەکەی تێپەڕیوە . باوک هەرگیز پشتی کچەکەی لەئەرز نادا تاکە پشت و پەنایە کە کچ لێی دڵنیابێت. رووحت شاد باوەگیان.



# شێرپەنجە و سەرکەوتن

ئامانجەکانت لە ژیان فەرامۆش مەکە گەرچی کۆسپەکان چەند زۆربن و سەخت بن .پلان بۆ داهاتوت دابنێ خۆت نەخشەی ژیانی خۆت بکێشە هیچ کات نائومێد مەبە لە ژیانت. گەر کەوتیە هەر بار و دۆخێکەوە . سەرباری ئەوەی چەند مانگێکە شێرپەنجە برستی لێبڕیووم .بەڵام نەیتوانی لەسەرکەوتنم لە قۆناخەکانی خوێندن ڕامگرێت .لە 31/ئابی / 1996 وە من لە خوێندن دوورکەوتمەوە و بوومە پێشمەرگە . ڕێک 19 ساڵ دابڕام لە خوێندن .بەڵام هاوڕێیکی بەردەوامی کتێب بووم واتا من و خوێندنەوە لێک دانەبڕاین، بۆیە سەر ئەنجام بڕیارم دا دەست بکەمەوە بەخوێندن لە قوتابخانەی شەوان سەرەتا چومەوە پۆلی حەوت بنەڕەتی .بینیم زۆربەی خوێندکاران پۆلەکە هاوتەمەنی خۆم نین . ئەمە توشی نائوومێدی کردم کە ئاخۆ ئەتوانم بەردەوام بم ؟ مرۆڤ خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزبێ سەردەکەوێت و مەحاڵ ئەشکێنێت .بەڵێ گوێم بەهیچ شتێک نەداو و بەردەوام بووم .

سـاڵەکانم بڕی بە سـەرکەوتوی تا گەیشـتمە دوا قۆناخی ئامادەی . ئەمسـاڵ سـەرباری ئازاری شـێرپەنجە و وەرگرتنی چارەسـەری کیمیای کارکردنم وەک ڕۆژنامە نوس و میدیاکار و بەڕێووبردنی ماڵ و مناڵ سـووپاس بۆ خوا پاشان مامۆستایانم توانیم دوانزەی وێژەی ببڕم . نمرەیەکی باش بەدەسـت بهێنم ، بۆیە ئەڵێم : هیچ کات درەنگ نیە بۆ خوێندن . هیچ شتێک ناتوانێ ببێتە بەربەست لە بەردەم ئیرادەی مرۆڤدا .گەر تائێستا لەخوێندن دابڕاون تکا ئەکەم ئێسـتا بڕیاربدە و دەسـت بکەوە بە خوێندن تا لەنیعمەت زانست بێ بەش نەبن . کاتێک دەرئەنجام هەوڵ و ماندوو بوونەکەت وەرئەگریەوە وە سـەرکەوتوبونت چێژێکی ئێگجـار زۆری هەیە و هەموو ئـازارەکـانـت لە بیرئەباتەوە .من و شـێرپەنجە چەند مانگێکە هاوڕێین . بەڵام نەبوە هۆیەک لە گەیشـتن بە ئاواتەکانم ڕامگرێت .بەڵکو بەسەریدا سەرکەوتم و بە شێرپەنجەکەمم ووت :بە سـەرتا زاڵەبم و سـەردەکەوم . نـاتوانی ببیە هۆیەک ئاواتەکانم بسـڕیەوە لە ژیانم و خەون و خەیاڵم . بەڵکو پشت بەخودا بەسەرتا زاڵەبم و زانکۆش تەواو ئەکەم .

هەمیشـــــە بیرتـان بێـت ڕێگەی ســــەرکەوتن هەوڵ و ماندوویێتی ئەوێت هەرگیز نائوومێد مەبن لە ژیانێک خودا درووســـــتکەریەتی خودا هەرگیز بەتەنهـا بەنـدەکەی بەجێنـاهێلێـت .ئومێـد وەک تۆێکە لە نـاخـت بڕوێنە وە دەســـتبکە ســـەر دڵت و لەبەر خۆتەوە بەڵێن بە خۆت بدە بەرەو ســـەرکەوتن ئەڕۆیت بەڵێن بە کە هیچ کۆســـــپ و ڕەشـــــەبایەک لە ڕێگەکەت ســـــاردتت نەکاتەوە ئیرادەت بەهێزکە وەک پۆڵا ئەوکات ئەدینیت تۆ چەند بەهێزیت .



## پەشیمانم ڕۆژانێک غرور خۆم شکان بۆ ئامۆزاکەم

هەمووکەس شـــــایەنی هەڵەکردنە منیش لە تەمەنی هەرزەکاری دابووم کەوتمە هەڵەوە. هاتوچۆمان لەگەڵ مـاڵی مـامەم دا خۆشـــبوو. لە پۆلی دووی نـاوەندی لەگەڵ ئـامۆزاکەم کەوتینە داوای خۆشـــەویســـتی یەک.وردە وردە  لیـَـک نزیــک ئەبوینەوە گفتوگۆی نێوانمـان زیـادی ئەکرد من و ئـامۆزاکەم بەڵێن مـان بەیەک دا لەداهـاتودا هـاوســـەرگیری بکەین پێکەوە بەڵینمـان دا یـان بۆیەک ئەبین یـاخود بۆگـڵ ئەبین .پەیوەندی خۆشـەویسـتیمان چوار سـاڵی خایاند تا من پۆلـی 12 ئـامــادەیم تەواو کرد و چومە زانکۆ . ئامۆزاکەشـــم لە قۆناخەکانی کۆتای بەشـــی ڕاگەیاندن بوو. من هەر بەخەیاڵی پۆشـــینی  جلی بوکێنی شـــەو ڕۆژم ئەکردەوە چاوەڕێی ئەوســــاتانەبووم لەبەردەم هەموان دا ئاشـــکرای کەین ماوەی چەن ســــاڵە ئێمە یەکمان خۆش ئەوێت .

ئەوە خەیـاڵەکـانی من بوو ڕۆژێـک ببمە بووک بۆ ئامۆزاکەم بێ ئاگا لەوەی دەسـتی دەسـیم پێ ئەکرێت بە بەڵێنی درۆ و قســـەی بریق و بـاق بەداخەوە .لە قۆنـاخی یەکەمی زاکۆ بووم چەندین داواکـارم ئەهـات ڕەتم ئەکردەوە . دایک و بـاوکم بەوە دڵتەنگ ئەبوون ئەیـان ووت: ئیتر منـاڵ نیم گەورەبوومە پێوویســـتە بیرێک لە داهـاتوم بکەمەوە . بێ ئـاگا لەحـاڵی دڵم بێ ئاگا کچەکەیان لەچاوەڕوانی ئامۆزا خیانەت کارەکەی دایە. زوو زوو بە ئامۆزاکەم ئەوت کەی دێیە پێشـێ ؟ تـاکەی نـای بۆ داوام ؟ ئـامۆزاکەم هەرجـارەو بە بیـانویەک وڵامی ئەدامەوە ڕۆژم ئـاوا بەڕێ کرد تـا چومە قۆنـاخی دووەمی زانکۆم ئەوکـات ئـامۆزاکەم بەفەرمی لە یەکێ لە کەناڵە میدیاییەکان دەس بەکاربوو بوە خـاوەن موچەی خۆی ئیتر بیـانویەک نەمـا لە ڕاگەیاندن دەسـتی بەکار کرد زۆر خۆشـحاڵبووم ئیتر پێـک ئەگەین . دووبـارە بە ئـامۆزاکەم ووت : ئیتر بیـانویەک نەمـا ئێســـتـا تۆ خـاوەن کـار و موچەی بۆنایەیتە داوام ؟ کێشـەت چیە ؟ من چەن سـاڵە خۆم بۆتۆ هێشـــتۆتەوە چەن داواکارم ڕت کردەوە تەنها لە

پێناو تۆ . پێم بلێ کێشـــەت چیە؟ بەداخەوە ئامۆزاکەم
هەندێ قسـەی کرد کە خۆزگا ئەرز شـەق بوایە و تێی
کەوتمـا بەڵام گوێم لێنەبوایە . ئـامۆزاکەم پێی ووتم :
من ناتوانم تۆ بهێنم  ببورە من کچێکی کەم خۆشەوێت
وەک تۆ. ئەتوانم واز لە تۆ بهێنم بەڵام ناتوانم واز لەو
بهێنم بەڵێنم داوە پێی بیکەمە هـاوســـەری ژیـانم .
بەبیستن ئەو قسانە تەواو نائومێد بووم بەزەیم بەخۆم
ئەهــات چەنکــات من خۆم فەوتــان بۆ کێ ؟ بۆ چ
بەڵێنێکی درۆینە ؟چەن کـات بەدیـار درۆیەک ژیـانم
ڕەنگاو ڕەنگ ئەکرد بە خەیاڵەکانم .گریام بە ئامۆزاکەم
ووت : من بێ تۆ نـاتوانم بژێم بمهێنە وازم لێمەهێنە
من ڕێــت پێ ئەدەم دوای مــاوەیەک لەهێنــانی من
ئەوکچەی لە دڵتە ئەویش بهێنی زۆر بە توندی وڵامی
دام بەهیچ شیوەیەک تۆم ناوێت . بەڵێ من غرور خۆم
شــکان بۆ ئامۆزاکەم بوومە کۆیلەی درۆیەکی قێزەون
.لە ناو خەم و پەژارەدا بەتەنها کەوتم بێ ئەوەی کەس
هیچ بزانێــت دوای مــاوەیەک کە من هەر لە خەم
ئـامۆزاکەم بوم دایکم پێی وتم : کچم داواکـارت هەیە
چەنکـاتە چـاوەڕێی تۆین تـا هەواڵیـان لێ بگێڕینەوە .

ناســـیاویَ خۆمان بوو ووتم :با بێنە پێش چونکە لام گرینگ نەبوو هەرکەس بێت لەوە ئەترســـام لە خەمی ئـامۆزاکەم شـــتێک لەخۆم کەم . مـاڵەکە هـاتنە پێش باوکم پێی ووتم : ماڵێکی چاکن کچم لەدەست خۆتی مەدە جوان بیرکەوە زوو بڕیار مەدە . دوای مـانگێک ڕەزامەندیم دەربڕی لەوەی ئامادەم شـــوبکەم . بەڵێ هاوســـەرگیریم کرد هاوســـەرەکەم خۆشـــی ئەویســـتم ڕێزی ئەگرتم دلخۆشـــبووم ســـووپاس بۆخوا منیش دلخۆشم خۆشەویستی ڕاستەقینە دوای هاوسەرگیری دەست پیَ ئەکات . ئێستا خاوەنی دوو منداڵی جوانین ســـوپاس بۆخودا بەئێســـتاشـــەوە جار جارە بیری ڕابردوو لەخۆیدا وونم ئەکات بەڵام لەو ڕوە نا کە دڵم لای ئـامۆزاکەم بێـت بەڵکو لەو ڕوەی بەڕاســـتی پەشـیمانم چەن سـاڵ ژیانی خۆم بەفیرۆدا بۆکەسـی نەشـــیاو ئەوەی بوو بوو بەڵام لە کۆتایدا ئامۆژگاریم بۆ کوڕ و کچە هەرزەکـارەکـان ئەوەیە تـا ئەتوانن خۆیان لە خۆشـــەویســـتی بەدوورگرن بەڵێنی هەندێ شـــت قەد بەیەک مەدەن هەســـتی کەس مەرووشـــێنن کوڕەکان.

# ژنم بەسەرهات چونکە کوڕم نەبوو.

سـەرەتا سـووپاس بۆ خودا پلەی دایکایەتی پێبەخشـیم و بەهەشـتی کردە ژێر پێیەکانم. لە تەمەنێکی کەمدا بەزۆری باوکم هاوسـەرگیرم کرد بە کوڕێک باوکم هەموشـتی برانەوە بۆمنیش نەبوو نـارەزابم بەنـابە دڵی و لە ژێر فشـاری خێزانەکەم چومە ژیانی هاوسـەرێتی .سـووپاس بۆخودا لەسـەرەتادا ژیانمان وەک هەر هاوسـەرێکی دیکە ئاسای بوو . دوای ماوەیەک حەملم هەبوو زۆر دڵ خۆش بووین ، منـاڵی یەکەممـان لە دایـک بوو خودا کچێکی نازداری پێبەخشـین خۆشـی و شـادی هاتە ژیانمان منیش بڕیارم دا چیتر بیر لە ڕابردوو نەکەمەوە بژیم بۆ هاوسەر و مناڵەکەم بێ کێشـەبووین تا مناڵی دوەممان لەدایک بوو ئەویشـیـان کچ بوو من دلخۆشـبووم بەبوونی مـاڵی خەزووریشـم هەروا بەڵام هاوسـەرم پێی ناخۆشـبوو دووبارە کچمان بوە ئیتر کێشـەکانی ئێمە دەسـتی پێکرد هاوسـەرەکەم هەمیشـە سـەرکۆنەی ئەکردم بەوەی خەتای منە کوڕمـان نیە وایەزانی کوڕ و کچ لە دەسـت ژنـایە

خەزوورم هەمیشـــە دەمی لەســـەری بوو ئامۆژگاریەکرد بەڵام بێ ســـوود بوو هەموو ڕۆژ ماڵی ئێمە شـــەڕبوو قسەی ناخۆش ئیهانەکردن بەم شێوە بەردەوام بوم لەبەر خاتری کچەکانم .بێ ئەوەی ڕۆژێک باســی کێشــەکانم بۆ ماڵ باوکم بکەم چونکە نامەویســت کێشــە گەورەبێتەوە تا دووگیان بووم بە حەملی سێیەمم من نزامەکرد چی خێری تیایە خودا ئەوەمان پێبەخشێت نزامەکرد ساخ و سەلامەت بێت .منداڵی ســێیەمیش لەدایک بوو ئەمجاریش خودا کچی پێدابن هـاوســـەرم ئەوەنەی کە ڕق لە دڵ بوو لەڕووم ڕۆژێک بیری ناکردەوە بڵێ ئەم ژنە نۆمانگ بەم ســکەوە ئەبێت بە ئازار و نارەحەتی منداڵانە دێنێتە دونیا ئەو تەنها بیری لای کوڕ بوو . بەردەوام بوو لە سەرکۆنە کردن من منیش لە ناو ئەم هەموو ناخۆشــیە ســووپاس خوامەکرد لەبەر سـێ کچەکەم دووعامەکرد بەشـکم ڕۆژێک باشـبێت .خەزوورم لە ئامۆژگاری کردنی کوڕەکەی بەردەوام بوو بەڵام هەموجـار ئەبوە دەنگە دەنگیـان نـارەزابوو لەوەی تەنها کچی هەیە . تادواجار خەزووریشم کۆچی دوای کرد بەداخەوە کەس نەمـا دوو قســـەی خێری بۆم بکـات .هاوسـەرم لەسـەر خراپەکاریەکانی لە ڕووم بەردەوام بوو

تەواو بێزار بووم لە شـــەڕ و کێشـــە و بۆڵە بۆڵ . دوای ماوەیە هەســتم ئەکرد هاوســەرم گۆڕاوە لەگەڵم شــەوان درەنگان ئەگەڕایەوە بۆ ماڵێ  زۆر ئیهمالی ئەکردم و لێمی ناپرسیەوە . کەوتمە گومان لێی ئەبوو بمزانیایە چی بوە ؟

دوای ماوەیە کەم هاوســـــەرم پێمی ووت : ژنی دووهەمم هێناوە کاتێ گوێم لەو قسانەبوو تەواو ڕووخام وە مەزانی بەســەر زەویدا نارۆم زۆر دڵم تەنگ بوو من هیچ تاوانێکم نەبوو تەنها لەبەر ئەوەی کچم هەیە ژنم بەســـــەر هـات بۆمـاوەی چەن ڕۆژێـک تۆرام و چومەوە مـاڵ بـاوکم هەمووشـــــتم بۆ باســـــکردن ماڵی باوکم هەقیان دایە من دانیان بەوەنا ئەوان ژیانی منیان ئاراستەی ئەم ڕۆژە کرد. چونکە بەزۆر هـاوســـــەرگیریـان پێمکرد . مـاڵ بـاوکم بەهەمووشـــــێوەیە بڕیاریان دایە لای خۆم ئایە دانیشـــــم لەگەڵی یان جیابمەوە .بڕیاردم دا جیابمەوە چیتر تاقەت ئەو ژیـانەم نەمـا بۆلە بۆڵ ئیهـانە ئیهمـالکردن لەهەمووی نـاخۆشـــــتر خیـانەت بەدزی خۆمەوە ژنم بەســـــەرهـات .بۆئەوەی لە جیـابونەوە پەشـــــیمـان بمەوە هـاوســـــەرم هەڕەشــەی لێکردم بەوەی منالّم ناداتێ بەڵام ســووربووم

لەســـــەر جیابونەوە . نزیک ســــاڵێک بەڕێی دادگاوە بوین تالێک جیابووینەوە و مناڵەکانیش منیان هەڵبژارد بەســـــێ منــاڵەوە بەســـــێ کچی جوانەوە بێ نــازکەوتین تەمەنم ئەوکات 26 ساڵبوو ئێلاش من کەڕەنگە هاوسەرگیریشی نەکردبێ ئیتر ئەمە چارەنوسم بوو منیش بە قەدەری خۆم ڕازیبووم لە خانویەک نزیک ماڵی باوکم لەگەڵ ســـێ کچەجوانەکەم بە ســـــەربەخۆی ئەژیام ماڵی باوکم زۆر هاوکاری من بون ســــەختی ژیان وای لێنەکردم کۆڵبەم یاخود کارەســـاتێ بەســـەر خۆم بهێنم و مناڵەکانم بێ لانە بکەم من لەسەر پێیەکانم ڕاوەستام و کچەکانم بەو پەڕی ســــەر بەرزی بەخێووکرد ســـــووپاس بۆ خودا دووکچم زانکۆم پێتەواو کردن کچەکەی کەشـــم بەم نزیکانە ئەچێتە زانکۆ . ڕێگریم لە منــاڵەکــانم نەکرد لە دیتن بــاوکیــان . هەرچۆنبێ بــاوکیــانە خزمــایەتیەک لە نێوانمــان هەبووە دوور و نزیک هەواڵی یەکمان ئەزانیت ئەوەندەی ئاگاداربم لە هاوســــــەری دووەمی تەنها خاوەن کچە .لێرەدا هێزی خودا و دادپەروەری دەرئەکەوێت کچ و کوڕ لە دەسەڵاتی خودایە .هیچکە ژنەکان ســــەرزەنیشــــت مەکەن بەوەی کوڕیـان نیە گـاڵتە و پەلار لەکەس مەدەن کچیـان هەیە .

لەبیرتـــان بێــت خودایەک هەیە و هەمووانی دیوە  من دلخۆشـــــم لەگەڵ کچەکانم ســــەربەرزم ژیان خۆم کردە قوربانی کچەکانم تاهەبم بۆ ئەوان ئەژیم ســــوپاس بۆ تۆ خودایە بەجوانترین نیعمەت بەسەرت کردمەوە و بەهەشتی خۆت کردە ژێر پێیەکانم .

## بۆ فێربونی زانست تەمەن تەنها ژمارەیە

ســـــالآنی زوو بتخوێندایە ئەبوو بچویتایە بۆ لادێیەکە بۆ خوێندنی فەققێ و دەرسی شەرعی .باوکم خۆی مەلا بوو ســـوربوو لەســــەر خوێندنم بۆیە بۆ فێربونی دەرســـی شەرعی ناردمیە لادێیەکە تا ماوەیەک . باوکم بە نەخۆشی کۆچی دوای کرد ئەوکـاتە دکتۆر کەم بوو بـاوکم بەمەبەســتی چارەســـەر چوبوو بۆ یەکێک لە شــارەکانی کوردســـتان لەوێ ماڵی باپیرم و مامی لێبوو . دایکیشـــم مابۆوە لەماڵی لای خوشکەکەم کەتەمەنی دووساڵی ئەبوو لەگەڵ برایەکەم بچوکتر لەخۆم . هەر لەو شـــارە باوکم وەفاتی کردبوو لە قەبرسـانی (ڕ.ح) بەخاک سـپێردرابوو . دایکم هەواڵی بۆ ناردبووم هەر ئێســـتا بگەڕێمەوە باوکم مردوە . تا چومەوە ماڵێ و چوین بۆ شـــارەکە باوکمیان ناشـــتبوو .من ئەوکات تەمەنم 16 ســـاڵبوو. دوای چەن ڕۆژێک گەڕاینەوە بۆ لادێکەی خۆمان لەگەڵ دایکم و برا و خوشکەکەم .باری دارایمان زۆر خراپ بوو لەلای دایکم مامەوە.

لەنزیک ماڵە خاڵوانم بووین .

وازم لە خوێندن هێنا دەســتم دایە ئیشــکردن تا بژێووی خێزانەکەم دابین کەم . خەڵک زەکاتی ئەدایە دایکم تا ساڵ هات و ڕۆشت گەورەتر بووین و وردە وردە بار دارایمان باشـــەبوو . بومە پێشـــمەرگە هەر جار ئامرقەبزم بۆ دەرچوایە ئەچومە لادێیەکە تـا ڕژێمی بەعس نەم گرێـت ژیانم هەمووی ڕاکە ڕاکە بوو . تا کاتی ژنهێنانم چوینە داوای ژن بـاوکی کچەکە بەدایکمی ووتی : کوا بـاوکی؟ مام کەســـی لەگەڵ نیە ؟ دایکم پێی ووت: باوکی دەمێکە مردووە براش لەخۆی بچوکترە بەس مام و باپیری هەیە. باوکی کچە ووتی: بامام و باپیری بێن . هەواڵمان نارد بۆ مام و باپیرم تا هاتن . ئەوکات کچەیان داپێم . بە ژن بە ژنی ئەو ســـەردەمە تا خوشــکت نەبوایە ناتدە توانی ژن بهێنی . دوای ســـاڵێ خودا منالّی پێبەخشـــین ســـووپاس بۆخوا . بەهەتیووی گەورەبووین و خۆمـان پێگەیـانـد تـا ســـالانێ وازم لە پێشـــمەرگایەتی هێنا . ڕۆژێک هاوڕێیە دلســـۆزم پێی ووتم : بۆچی جێی بـاوکت نـاگریەوە بڕۆ دەستکەوە بەخوێندن و فەققێ تەواو کە .

تەمەنم سـی سـاڵی ئەبوو . بەقسـەی هاوڕێکەم کرد و دەسـتم کردەوە بەخوێندن بەردەوام بووم تا بومە مەلا لە خوێندن و خوێندنەوە بەردەوام بوو . ڕۆژێک بەسـەرم نارۆشـت بێ خوێندنەوە دواجار هەر دوانزە عیلمەکەم خوێند و شـەهادەم بەدەسـت هێنا لەبوارەکەی خۆمدا زۆر وورد و لێهاتوو بووم . سـووپاس بۆ خوا دوای دابڕانێکی زۆر و دوورکەوتنەوەم لە زانسـت توانیم دووبـارە دەسـپێکەمەوە بێ گوێدانە تەمەن . لەماڵەکەی خۆمدا کتێبخانەم هەیە و کتێب هاوڕێمە .

دایم دەمم لەسـەر منالە کانمە بخوێنن و خویان پێبگەینن .لەماڵەوە بخوێننەوە و واز نەهینن . سـووپاس بۆ خودا لەسـەر هەموو ناز و نیعمەتەکانت . هەرگیز کۆڵمەدەن بۆ فێربونی زانست .



# نمونەی هاوڕێیەتی

ئەبێت جوانتر لەوەفا هەبێت ؟ ئەوەی دووکەس پێکەوە گرێ ئەدات خۆشەویستی و وەفایە ، من هاوڕێیەکم هەبوو گرانبەهاتر لە گەوهەر .چەن ساڵێک پێش ئێستا ناوم لە زانکۆی سلێمانی هاتەوە و دەوام دەستی پێکرد یەکەمجارم بوو لە خێزانەکەم دابڕێم بۆیە زۆر دڵم تەنگ بوو هەستم بە تەنهایی ئەکرد . لەو کاتەدا کەسێک دەستی کردە ملم و ووتی : بۆچی بێتاقەتی ؟

قوڕگم لە گریان بوو پێم ووت : بیری خیزانەکەم کردوە چاوەڕێم براکەم بێت وە بەشەکەم داگرم پێی ووتم : خۆتۆ مناڵ نیت ئەوە چی ئەڵێیت ؟

وەرە بابڕۆین بۆ کافتریا و پاشان درێژە بە قسەکانمان ئەدەین پێمی ووت: منیش مەرحەلە یەکەم دڵتەنگ مەبە ژمارە مووبایلی خۆی پێدام و ووتی: هەرکات وویستت تێلم بۆ بکە قساکەین .

کەمێ هەستم بە باشی کرد قسەکانی تەواو کاری تێکردم و بڕیارم دا بەشەکەم دانەگرم . ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکەم یەکمان ئەدیت و گفتوگۆمان ئەکرد بەجۆرێک لێک نزیک بووینەوە بێ یەک ئیدارەمان ناکرد . متمانەی تەواومان بەیەک هەبوو هیچمان لەیەک ناشاردەوە .

هاوڕێکەم نمونەی باشـــی و چاکی بوو لەناو زانکۆدا دەنگی دابۆوە بۆ باشی هێندە لێک نزیک بووین مامۆستا و دکتۆرەکان وایان ئەزانی خوشـــک یەکین خوێندنمان پێکەوە تەواو کرد هاوڕێکەم داواکاری هات و مارەکرا لە پیاوێک وەک خۆی باش و ڕێک و پێک یەکیان زۆر خۆشەویست .

خانویان بەکرێ گرت و خەریک ڕێک خســـتن ماڵ بون و ئامادەکاریان ئەکرد بۆ گواستنەوە ، لەو ماڵەی بەنیازبوون تیادا بەیانیەکی نوێ و پڕ لە خۆشەویستی بکەنەوە گیانی ســـپارد بەهۆی شـــۆرتی کارەباوە بەداخەوە ڕۆژە خۆشەکانی نەدینی مەرگ یەقەی گرت تا دەزگیرانی بردیە نەخۆشخانە گیانی سپاردبوو ناخۆشترین هەواڵی ژیانم نزیکترین و بە وەفاترین هاوڕێم لەدەست دا .

هاوڕێکەم ئەتویست ماڵێک لەگوڵ ماڵێک پڕ لە ئیشق بنیاد بنێیت لەگەڵ هاوســـــەری ژیانت بەداخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا .

تەنانەت مەرگ ڕێگەی نەدا بەدلەی بوکێنی بپۆشیت بەڵکو کفنی ســپی بوە دوا پۆشــاکت ڕوحت شــاد هاوڕێکەم لە دوای ئەم ڕووداوە دەزگیرانی بۆ دەرەوەی وڵات چوو ، بۆ ئەبەد ماڵئاوای لە کوردســـــتان کرد ، هاوڕێکە م وەک پێمت ووت: بێ گوێدانە هیچ شـــتێک لەگەڵ هەموان چاکە بکە وەعدت پێدەدەم تا لە  ژیانبم .

هاوڕێی باش نیعمەتی خودایە.

زۆرشتی جوانت لێوە فیربووم رووحت شاد هاوڕێکەم .



## به ئاواتەوە بوم ڕۆژێک بلێم دایەگیان خۆشم ئەوێیت.

دایک واتا : خودی ژیان .ئاوەدانی ماڵ  و دڵخۆشـــکەر و پشـــت و پەنای هاوســـەر و منداڵەکانی . لەوەتای بیرم دێت دایم ناو خێزانەکەم پڕلە کێشـــەبوو ڕۆژێک دانەنیشـــتین بەدڵ خۆشـــی و بێ کێشـــە لە دەوری یەکتر .کێشـــەکانی ماڵەوە کاریگەری کردبوە ســـــەر هەمووومان لە ڕەفتار و قسەکانمان ڕەنگی ئەدایەوە .کاتێک هاوڕێکانم ئەدینی وەک هـاوڕێیە لەگەڵ دایکیـان و بـاوکیـان بەزەیم بەخۆم ئەهـات .ئـاخر جیـاوازی زۆر لەنێوان و من و هـاوڕێکـانم هەبوو. دایکم دایم تونـد و توڕە  بوو هەنـدێ کـات داخی دڵی بە ئێمە ئەڕشـت ئەمەش هۆکار بوو تا هەرگیز نەتوانم باسـی دڵی خۆم بۆ دایکم بکەم یان کێشـەکانمی بۆ باسکەم بیرمە کاتێک یەکەمجار کەوتمە سوڕی مانگانەوە ئەوەندە ترسـام مەگەر خودا بزانێ ترس و شەرم دایگرتم .

له دایکم شاردەوە تا ماوەیە زۆر کە خۆی هەستی پێکرد . بەداخەوە بۆ ئەو وەزعە چونکە واپەروەردە نەکراین کێشـــەکانمان باس کەین یاخود پێداویســـتیەکانمان بلێین هۆکاری سەرەکیش کێشەکانی ناو خێزانەکەم بوو نەبونی سـۆز و خۆشـەویسـتی نەبوونی متمانە .گەورە ئەبوم و زیاتر ئاشـــنای ناو خەڵکی ئەبووم لام ســـەیربوو کاتێ هاوڕێیەکم باسی خۆی و دایکی ئەکرد کە بەچ شێوەیەک مامەڵەئەکەن منیش چۆنم .!! ئاواتم بوو ڕۆژێک منیش بێ شـــەرم بلێم دایەگیان . بلێم خۆشـــم ئەوێیت . من تەنها لەدڵی خۆمدا ئەو خۆشـەویسـتیەم ئەشـاردەوە ڕۆژێک لە دایکم گوێم لێنابوو بلێت خۆشـم ئەوێیت یان هەرووشـەیە دلخۆش کەربێت تەنها گوێم لە ســـەرزەنشـــت کردن و تورەی و قســـەی نـاخۆش و جنێوو ئەبوو بۆیە قەد نەمتوانی هەستەکانم بە ڕوونی دەربڕم . کێشەی خێزانی ئەمە کۆتاییەکەیەتی ناکۆکی ناوخێزان پەرتەوازەتەکات ناهیلێ دڵی خۆت کەیتەوە .

له کۆتای ووتەکانم هیوادارم خۆشـــی و خۆشـــەویســـتی متمانە ببێتە میوانی هەموو ماڵێک تا ئەندامەکانی ناو ئەو خێزانە بەخۆشەویستیەوە بژین.

هیوادرم دایکـــان و بـــاوکـــان وەک هـــاوڕێبن لەگەڵ منداڵەکانیان . کێشـــەکانی نێوان خۆیان پەل نەکێشـــی بۆ منداڵەکانیان نەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکەیان بۆ تەنها جارێک نەتوانێ بڵێ خۆشم ئەوێن .

# پەشیمانی ئافرەتێک بۆ هاوسەرەکەی

زۆر جـار گوێگرتن لە خەڵکی ئەبێتە هۆی نەمـانی خۆشـەویسـتی و ئارامی ناوماڵ ، هەمیشـە هەوڵدەن خۆتـانبن بەو جۆرەی هەن مەکەونە دوای قسـەی هیچ کەس من قسەو ووتی ووتی خەڵک ماڵی کوێر کردم ،ئێستا ژیانی خۆم ئەگێڕمەوە کەکار لە کار ترازاوە و پەشـیمانم لەو هەڵەی کردوومە پەشـیمانم ڕۆژێک گوێم لە قسـەی خەڵکی گرتبێ پەشـیمانم بوومە هۆیەک منالەکەم دوور لە نازی باوکی گەورەبێت ، دوای تەواو کردنی پۆلی دوانزە دواکارم هات ناسـیاوێکی خۆمان بوو منیش ڕازیبووم و شـووم پێکرد ، چوینە سـەر ماڵ تا خوێندن زانکۆم تەواو کەم پاشان ماڵ جیا بکەینەوە ، سـەرەتا ژیانمان زۆر باش بەڕێوەچوو . هاوسـەرم ئیشـی کرێکاری ئەکرد هەر بەشـی ڕۆژانەی خۆمانی پەیداکرد .هەمووشـت زۆر جوان بەڕێوا ئەچوو . منیش خەریک خوێندن بووم لە زانکۆ ، وردە وردە کێشـە کەوتە نێوانمـان بیـانوم لێگرت تـامـاڵم بۆ

جیابکاتەوە  و شـــــەڕم لەگەڵ ئەکرد پێم ئەوت: بۆ ماڵمان نیە ؟

بۆ سەیارەمان نیە ؟

من ماڵی جیام ئەوێت .

هاوســـــەرم ئەی ووت: لە ئێســـــتایا ماڵم پێناکرێت تەنها ئەتوانم پـارەی خوێنـدنی تۆ پەیـدا بکەم ، پەلەت نەبێـت هەموو شــــتت بۆ ئەکەم با تۆ خوێندن تەواو کەیت جارێ ماڵ جیای چیت بۆ بکەم هەفتەیە لێرەی هەفتەیە لە داخلی . من ســــەرەتای حەملم بوو زۆر دلخۆشــــبووین بەبونی یەکەم منــاڵمــان ، بەڵام قســـــەی خەڵکی تەواو کــاری تێکردبووم پێیانەوتم تۆ شـایەنی ئەو ژیانە نیت تۆ جوانیت شــــەهادەت هەیە هەموو ڕۆژە بۆڵە بۆڵم ئەکرد تـا مـاڵی بۆجیاکردم .خانوی بەکرێ گرت دووبارە کەوتمەوە بیانوو گرتن بۆ عەشـــــیای ماڵم نیە هەر بیانوی پڕ و پوچم لێ ئەگرت تـا کۆتـا مـانگەکانی دووگیـانیم بوو چومەوە مـاڵی بـاوکم و جێمهێشــــــت ، ئەوەنـدە ئەهـاتەوە بەدوامـدا هیچ ســــوودی نەبوو زۆر مناڵانە بیرم ئەکردەوە   ، دواجـار یەکەم منــاڵم لە دایـک بوو چومەوە مــاڵی بــاوکم هەر

نەڕۆشـــــتمەوە بڕیـار جیابوونەوەم دا ئەوەنـدە هەوڵیـان لەگەڵم دا بێ ســــوود بوو کۆتـا جـار تەڵاقم وەرگرت و منـاڵەکەم پێـدرا تـاخۆم بەخێووی بکەم ، بەڵام ئێســــتـا پەنجەی پەشــیمانی ئەگەزم زۆر پەشــیمانم لەو هەڵانەی کردم بێ قەنـاعەتیم  و کەل ڕەقیم گەیـانـدمیە ئەو ڕۆژە گوێگرتنم لە قســەی خەڵکیماڵی شـێوانم خۆم بە دەسـت خۆم مـاڵی خۆم تێکدا و کچەکەمم لە نـازی بـاوکی دوور خسـتەوە کۆتا قسـەم بەژیانی خۆتان ڕازیبن و بەقەناعەت بن هەرگیز مەکەونە ژێر کاریگەری قسەی هیچ کەسێک .

## پێڕست

پێشەکی.......................................................................٧

کوڕەکەم من نەمردووم بگەڕێوە لام...................................٨

ئـارامـگـری ئـافـرەتـێـک لەبەردەم قەدەری ژیـانـی

......................................................................................٢٣

ئەشقی ژنە شەهیدێک بۆ هاوسەرەکەی.........................٢٧

فرمێسکی چاوم کەوتە سەر ڕووخساری باوکم بە ئاگای

هێنا..........................................................................٣٣

باوکم لە نیوەی ڕێگا بەجێی هێشتم..................................٣٨

شێرپەنجە و سەرکەوتن....................................................٤٢

پەشـــــیمـــانـم ڕۆژانـێـک غـرور خـۆم شـــــکــان بـۆ

ئامۆزاکەم...........................................................................٤٥

ژنم بەسەرهات چونکە کوڕم نەبوو..................................٤٩

بۆ فێربونی زانست تەمەن تەنها ژمارەیە.........................٥٤

نمونەی هاوڕێیەتی ........................................................٥٧

بە ئـــاواتەوە بوم ڕۆژێــک بلێم دایەگیــان خۆشــــــم

ئەوێیت..........................................................................٦٠


پەشـــــــیـــــمــــــانــــی ئـــــافــــــرەتـــیــــک بـــــۆ

هاوسەرەکەی........................................................................٦٣

❊

ئەم کتێبە خنجیلانەیە بەشـێکی کەمە لە خەم و ئازارەکانی ناو کۆمەڵگە. چەندین نهێنی ئازار بەخش هەن لە دڵەکان ڕەنگە تا ئێســــتا دەســــیان بۆ نەبرابێت و باســــیان لێوە نەکرابێت .

❊





خوێندنەوە خولیایە * نوسین بەهرەیە

دەست لەسەر دڵت دابنێ و چاوەکانت دابخە و بڕیاری خۆت بدە ئارەزووی چیدەکەیت بۆ داهاتوت ؟

کاتێک بڕیارت دا تۆ بۆ داهاتو ئەجەنگێیت ئەوکات تۆ کەسێکی زیندوویت تۆ هەیت لە کۆمەڵگەدا بۆیە مەوەستە و بیر لە ئاستەنگەکان مەکەوە بەڵکو دەست بکە بەجوڵە و چارەسەر بدۆزەوە بۆ ئاستەنگەکانی ڕێگاکەت چەند ماندوو بوویت کۆڵ نەدەیت تا نەگەیتە مەبەست . کاتێ گەیشتیە کۆتای ڕێگا و ئامانجەکەت پێکا ئەوکات دڵخۆشیەکەت ماندووبونت لەبیر ئەباتە .

گەر پێم بلێن دڵخۆشی چیە ؟ ئەڵێم دڵخۆشکردنی دلێک

خوێندنەوە خولیایە * نوسین بەهرەیە

دەســت لەســەر دڵت دابنێ و چاوەکانت دابخە و بڕیاری خۆت بدە ئارەزووی چیدەکەیت بۆ داهاتوت ؟

کاتێک بڕیارت دا تۆ بۆ داهاتو ئەجەنگێیت ئەوکات تۆ کەسێکی زیندوویت تۆ هەیت لە کۆمەڵگەدا بۆیە مەوەستە و بیر لە ئاستەنگەکان مەکەوە بەڵکو دەست بکە بەجوڵە و چارەســەر بدۆزەوە بۆ ئاســتەنگەکانی ڕێگاکەت چەند ماندوو بوویت کۆڵ نەدەیت تا نەگەیتە مەبەســـت . کاتێ گەیشـــتیە کۆتای ڕێگا و ئامانجەکەت پێکا ئەوکات دڵخۆشیەکەت ماندووبونت لەبیر ئەباتە .

گەر پێم بلێن دڵخۆشی چیە ؟ ئەڵێم دڵخۆشکردنی دلێک

2022